cyan magenta yellow black File: P.7 fl ˙ Æ˝ ” 1

www.xebat.net
خەبات
پێنج شەمە 2017/5/18 ژمارە (5272)

شەهید سەردار برادۆستی

لەسالّیادی هاوسەرگیرییەکەیدا گیانی فیدای کوردستان کرد

دواترچووینە قەزای سۆران چاومان کەوت بە فەرماندەی عەقید(شێخ محەمەد برادۆستی) مامی شەهید سەردار برادۆستی،بەرێزیان دەربارەی شەهید سەردار بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن: بەڕاستی شەهید سەرداری قارەمان و چاونەترس بووە، کەسێکی زۆر بەوەفا و دڵسۆزی رێبازەکەی بوو، لە دوایین شەڕی ئازادکردنی شاری موسڵ لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، پێش چوونمان بۆ شەڕ، شەهید سەردار هاتە لای من گوتی: "مام من لەگەڵ تۆ دێم بۆ شەڕ". من پێم گوت واجبی تۆ هێشتا ماوە بەڵام ئەو هەر جەختی کرد بەشداری شەڕ بکات. دەمەو بەیانی رۆژی **20/10/2016** بەخێرایی لە میحوەری باشیک پێشڕەویمان کرد بۆ ناو گوندی پیس خەراب (ئیمام ردزا)، سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی قەناس بەدەستەکانی داعش بۆ وەستانی پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە، بەڵام ئێمە نەوەستاین و بەردەوام بووین لە پێشڕەویەکەمان. لە ئەنجامدا بە خوێنی شەهید سەردا و پۆلێکی دیکەی شەهیدان لەو شەڕەدا سەرکەوتین.پەیامی ئێمە بنەماڵەی شەهید سەردار ئەوەیە کە بۆ ئاواتەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و خەڵکی کوردستان، هەموومان ئامادەینە لە پێناویدا خەبات بکەین. داوا لەدەزگای شەهیدان دەکەین کە بنەماڵەی شەهیدان بە سەربکەنەوە و لەهەمو رووبەکەوە هاوکاریان بکەن.

ئێستا لە گەرەکێکی قەزای سۆران، لە خانوبەرەیکی کردا، چاومان بە خانەوادەی شەهید سەردار برادۆستی کەروت، خاتوو (رەحیما توفیق) هاوسەری شەهید (سەردار برادۆستی) بەدەم گریانەوە باسی بەرەوبەرەکانی شەهیدی هاوسەری بۆ ئێمە کرد: هاوسەرم شەهید سەردار پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و نمونەی بووە لە هەموو رووبەکەوە، ئێمە خزمی یەکتر بووین، من کچە پۆری شەهیدم، دایکمان خوشکن، من بەناوی دایکی شەهید ناکراوم، کە من و سەردار ژیانی هاوسەرگیریمان پێکهێنا مانگی **10**بوو واتە لە هەمان ئەو مانگەی کە سەردار تێیدا شەهید بوو، زۆرمنی خۆش دەویست و دەیگوت جگە لە هاوسەرێتیمان، تۆ ناوی دایکی منت لەسەرە. شەهید سەردار هەمیشە لە واجبی پێشمەرگایەتی بووە و ژیانێکی زۆر سەختمان هەبوو، بەڵام رازی بووین. شەهید سەردار هەستێکی بەرزی کوردایەتی هەبوو، هەمیشە هانی لاوانی دەدا کە لەرێی پارتی و بارزانی خەباتی کوردایەتی بکەن، شەهید سەردار منداڵەکانی زۆر خۆش دەویست و هەمیشە ئاواتی ئەوە بوو کە رۆژێک کچەکانی بخوێنێ و کە گەورە بوون خزمەتی کوردستان بکەن. هەمیشە کەسێکی هێمن و دەم بە پێکەنین بووە، ماوەی ساڵێک زیاتر دەبێت شەهید بووە". هەروەها بەمنی گوت: "ئەوانە هەمووی قسمەتە، لەوانەیە بەسەلامەتی بگەڕێنەوە". من گوتم: "ئەو قسانە نەکەی تۆ سەلامەت دەبێ". دووبارە پێم گوت: هێشتا واجبی تۆ ماوە. ئەوە بوو کە منداڵەکانی تا ناو ئۆتۆمبێلەکەی مامی لەگەڵ خۆی برد و ماچیانی کرد و لەباوەشی گرتن، دواجاریش بوو کە منداڵەکانمان لە ئامێزی باوکیاندا بن و هەر سەیری ئێمەی دەکرد و ئەوە کۆتایی دیدارمان بوو. سەردار کە گەیشتە ناوسەنگەریش دیسان هەر لە پەیوەندی کردن دابووین، شەوی پێش شەهیدبوونی بۆ دواجار پەیوەندیمان کرد نزیکەی سەعات **12**شەو تێپەری بوو کە ئەو پەیوەندی کرد و لە هەواڵی ئێمە پرسی و گوتی وەزعی منداڵەکان چوونە و دیسان داوای لێکردم کە ئاگام لە خۆم و منداڵەکان بێت، من پێم گوت وەزعی ئێمە باشە، تۆ ئاگات لە خۆت بێت و باش خۆت بپارێزە و ئەوەیش گوتی خەمت نەبێت هەموومان باشین و خۆ ئامادەدەکەین و ئەوە کۆتایی شەڕمان دەبێت و پێشمەرگەکانی کوردستان تیرۆریستانی داعش دەشکێنن و سەردەکەوین. پێشتریش ئێوارەکەی کە پەیوەندی بە من کردبوو و لەگەڵ کچەکان قسەی دەکرد. ئەوە بوو کە بەیانی ئەو بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکەی کرد و دوای نواندنی قارەمانێتی و نەبەردێکی سەخت گەیشتە ئاواتی شەهیدبوونی و گیانی خۆی کردە قوربانی خاکی کوردستان، شەهیبوونی هاوسەرکەم لە ومانگەدابوو کە ساوسەرگیریمان کردبوو، بۆیە بەرنامەمان هەبوو کە گەرایەوە یادی هاوسەرگیرمان بکەین، بەڵام ئەو شەهیدبوو لە پێناو کوردایەتی. کچە گەورەکەم تێدەگات و دەزانێ کە باوکی شەهیدبووە جارجار باسی دەکات، بەڵام کچە بچوکەکەمان نازانێت و هەمیشە پرسیاری باوکی دەکات و دەڵێت ئەوە بۆ باوکم نایەتەوە. هەندێکجاریش داوام لێدەکات تەلەفۆنی بۆ بکەم و قسەی لەگەڵ بکات. سەرفرازم بەشەهید بوونی هاوسەرکەم، هەرچەندە دوای شەهیدبوونی ژیانمان زۆر سەخت و بەزەحمەت بووە و ئێمە لە ناو خانووکرێ داین کەبەچاوی خۆتان دەبینن کەهیچ خۆشییەکی تێدانیە، بۆیە داوا لە دەزگای شەهیدان دەکەم کە هاوکاری خانەوادەی شەهیدان بکەن لە هەموو رووبەکەوە. سوپاس بۆ رۆژنامەی خەبات کە هەردەم خانەوادەی شەهیدان بەسەردەکاتەوە، پەیمان بەهاوسەری شەهیدم دەدەم لەسەر رێگای ئەو منداڵەکان فێرە پەروەردەی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی کۆمەڵگا بکەم. هیوای سەرکەوتن بۆچەنابی سەرۆک بارزانی و هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان دەخوازین.

دواتر چاومان کەوت بە بەڕێز (سەربەست برادۆستی) برای شەهید(سەردار برادۆستی) ئەویش بەم شێوەیە یادی براکەی دەکات و گوتی: برای ئێمە شەهید سەردار کەسێکی بەمەعنا کوردپەروەر بووە و هەمیشە ئاواتی ئەو کە هەموو کورد یەک بن بۆ کوردایەتی. سەبەرزم بەشەهیدبوونی براکەم چونکە ئەو دەیزانی شەهید بوون رێگای ئەوە، شانازی بە وە دەکەم کە من برای شەهید سەردارم.

دواتر چاومان بە سابات و سافیا وکافیا خوشکەکانی شەهید(سەردار برادۆستی) کەوت، بەدەم دەگریانەوە یاد و باسی برای تاقانەی خۆیان دەکرد: برای ئێمە بەڕاستی کەسێکی بەرەحم و بەسەبر بوو و تاقانەی ئێمە 5خوشک بوو، هەمیشە سەردانی ئێمەی دەکرد و ئێمەی بەسەر دەکرد، برای ئێمە چەند باسی چاکەکانی و رەوشت و میهرەبانی و کورد پەروەری ئەو بکەین دیسان بەدەیان لایەڕە تەواو نابێت، هەمیشە ئاواتی شەهید سەربەخۆی کوردستان بوو. ساوات خوشکی شەهید گوتی: ئەو سەفەرە پێش شەهیدبوونی لە شاهی دابوو و بەئێمەی گوت لەوانەیە ئەو سەفەرە نەگەڕێتەوە شەهید بم و ئەگەر شەهید بم سەربەرزیە بۆ من خانەوادەکەمان.

خەبات ـ سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

زۆرن ئەو قارەمانانەی لە پێناوی نیشتمانەکەیان گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی بۆ ئەوەی خاکەکەیان بپارێزن و ماف و ئازادی نەتەوەکەیان فەراهم بکەن. شەهید (سەردار برادۆستی) یەکێک لەو ڕۆڵە فیداکارانە کە لەپێناو خاکی کوردستان گیانی خۆی بەختکرد و گەیشتە کاروانی سەروەرانی گەل و نیشتیمانەکەی.

شەهیدی گیانفیدا (سەردار ئیبراهیم حوسێن برادۆستی)ساڵی **1986**لە سۆران لە دایکبووە تەمەنی بچووک بووە کە دایکی کۆچی دوایی کردووە و لەسیدەکان ژیانیان بەسەر دە بردە، شەهید سەردار لە دایکی خۆی تاقانەی **5**خۆشک بووە، قۆناغی سەرەتایی لە ناحیەی سیدەکان تەواو کردووە، لەتەمەنی لاویەتی هزری کوردایەتی دەچێتە ناخی دڵیەوە و هیواو ئاواتی ئەوە بووە بە پێشمەرگایەتی خزمەتی کوردستان بکات. لەساڵی **2002**وە چەکی پێشمەرگایەتی کردووەتە شان، لە فەرماندەیی هەڵگورد لە هێزی بەرگری لە گەڵ مامی فەرماندە شێخ محەمەد برادۆستی دابووە، پێشمەرگایەکی چاونەترس بووە، هەردەم لە ئەرکی پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە، دواتر لەبەر ئازایەتی دەگوازیتەوە بۆ لیوای مەشقی پیادە و دواتر دەبێتە مامۆستای مەشق و لەگەڵ تشیکلاتی وەزارەتی پێشمەرگە دەگوازرێتەوە بۆ لیوای **7**ی پیادە سەربەوەزارەتی پێشمەرگە، لە سۆران کە لە فەوجی **4**سەربەهەمان لیوا خزمەت دەکات، هەمیشە کەسێکی خۆشەویست بووە لای هاوسەنگەرانی، لە بنەماڵەیەکی پارتی پەروەرن کە خزمەت بە رێبازی بارزانیی نەمر دەکەن، شەهید سەردار برادۆستی هەمیشە بیر و ئامانجەکانی تەنها خزمەتکردنی کوردستان بووە، ئاواتی شەهید سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردی بووە بە سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی. لەگەڵ دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی (داعش) بۆ کوردستان، شەهید سەردار برادۆستی لەگەڵ لیوا قارەمانەکەی دەچنەبەرەکانی شەڕ، بەر لە شەهیدبوونی لە هەمو میحوەرەکانی رۆژلی بەرچاوی هەبووە لە پاراستنی خاکی کوردستان. لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی باشیک، سەرەرای ئەوەی لە ئەرکدا نەبووە، بەڵام لەگەڵ مامی فەرماندەی شێخ محەمەد برادۆستی بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری موسڵدا کرد لە میحوەری باشیک، لە **20-10-2016**لە شڕێکی دەستەو یەخەدا لە گەڵ تیرۆرستانی (داعش) سەردار برادۆستی گیانی خۆیان کردە فیدای کوردستان و شەهید بوو. شەهید سەردار برادۆستی لەمانگی **10**ی ساڵی **2008**دا هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو رەحیمە تۆفیق کردووە، دوای **8**ساڵ پێکەوە بوون لەهەمان مانگدا لە ساڵی **2016**شەهیدبوو، دوای خۆی **2**کچ بەناوەکانی رۆندک(**7**ساڵ) و رۆما (چوار ساڵ) بۆ کوردستان بەجێهێشت. بڕیاد و بیرەوەریەکانی شەهید سەردار برادۆستی ئێمە لە ڕۆژنامەی خەبات چووینە ناحیەی سیدەکان لە حزوری باوکی شەهید و دواتر گەڕاینەوە قەزای سۆران لەگەڵ مام و هاوسەری شەهید چاوپێکەوتنمان کرد.

لەسەرەتا سەردانی باوکی شەهیدمان کرد مام (ئیبراهیم برادۆستی) کە ئەویش پێشمەرگەی خانەنشینە، باوکی شەهید بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن: سەربەرزم کە کوڕم لە پێناو رێبازی بارزانیی نەمر شەهیدبووە، کوڕم لە تەمەنی لاویدا هوگری پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی بووە، شەهید سەردار برادۆستی هەمیشە ئاواتی ئەو خزمەتکردن بوو و هەردەم دەیگوت: "باوکە ئاواتمە هاوشێوەی خەباتی ئێوە خزمەت بەرێبازی بارزانیی نەمر بکەم". بۆیە کوڕم پێشمەرگەیەکی فیداکاربوو بۆ کوردستان، هەر لە گەڵ دەستپێکی هێرشی تیرۆرستانی(داعش) بۆ کورستان، شەهید سەردار هەمیشە لە پێشەوەی سەنگەرەکانی شەڕ دابووە و هەردەم پاڵیش و پەنا بووە بۆ هەڤاڵانی پێشمەرگەی و گیانفدا و و گیان بەخشبووە بۆ کوردستان، شەهید بوونی سەردا بۆئێمە سەرفرازیە، بۆیە کوڕەکانی دیکەم ئەوانیش ئامادەنە لە پێناو کوردایەتی شەهیدبن، وەک باوکی شەهید داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەم کە یەک بن و هاوکاری جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کە خەونی هەموو شەهیدەکان و ئاواتی هەموو پێشمەرگەکانە.

دواتر چاومان بە (غەزال قادر) دایکی (دووەمی) شەهید سەردار برادۆستی کەوت ئەویش دەگریا و دواتر گوتی: کە سەردار تەمەنی بچووک بوو کە دایکی کۆچی دوایی کردووە، دوای ماوەیەک کە من بووم دایکی کاتێک ژیانی هاوسەرگیریم لەگەڵ باوکی پێکهێنا، خانەوادەی ئەوان **5**خوشک بوون و خاوەن برای تاقانە بوون کە شەهید سەرداڕە، من سەردارم زۆر خۆش دەویست و بەخۆم بەخیوکردووە. شەهید سەردار هەمیشە بە کەسێکی خۆشەویست و میهرەبان لەناو ئێمە ناسراو بوو، کەسێکی راستگۆ و چالاک بوو،ئەمڕۆ ئێمەسەرفەرازین بە شەهید بووی ئەو.

ژیاننامەی شەهیدی نەمر

کاروان عەلی

ئاسۆ باڵیسانی*

زۆرن ئەوانەی ڕۆژانێک هەموو خۆشیەکانی ژیانیان بە جێهێشتوە و ژیانی پڕ لە کۆڵەمەرگیان هەڵبژارد و رووبان لە شاخەکان کرد،زۆرن ئەوانەی لە جیاتی پلان و بەرنامە دانان بۆ ژیانێکی خۆش،هەموو بەرژەوەندیە کەسیەکانیان خستە ژێر پێ و بڕیاریان دا لە پیناوی گەلەکەیان گیان لەسەر دەست بچنە مەیدان و چەکی شەڕف بکەنە شان و بە بەهاترین شتی خۆیان کە گیانیانە بکەنە قوربانی و ڕێگای شەهادەت هەڵبژێرن.

یەکێک لەو کادرو پێشمەرگە قارەمانانەی کە لە شۆرشی گولان جێ پەنجەی دیاربوو لە سنووری ناوچەکانی شەقلاوەو دەشتی هەولێر،شەهید صادق علی صادق ناسراو بە (کاروان)ە.لە یادی شەهید بوونی دا وەکو وەفایەک بۆ گیانی پاکی بە ئەرکی خۆم زانی چەند دێرێک لەسەر هەڤاڵی شەهیدم بنوسم.

شەهید کاروان لە ساڵی 1965لە گوندی سۆفی برایم لە خێزانێکی کوردپەروەر چاوی بە دونیا هەڵێناوە،قۆناغی خویندنی سەرەتایی لە گوند تەواو دەکات وقۆناغی ناوەندی لە هەولێر تەواو کردوە و دواتر چۆتە خانەی مامۆستایان و دوای تەواو کردنی خوێندن لەساڵی خوێندنی-1983 1984دەبێتە مامۆستا.هەر لەوکاتەی کە قوتابی خانەی مامۆستایان بوو لە ساڵی 1981پەیوندی بە ڕێکخستنە نهێنیەکانەوە دەکات و کەسێکی بە توانا و چالاک دەبێت،لە چەندین چالاکی ڕێکخستن و کاری سیاسی و چالاکی چەکداری لەناو شاری هەولیر و دەوروبەری بەشداری بەرچاوی دەبێت.لە ساڵی 1983ڕاستەوخۆ لە لایەن شەهیدی نەمر فەرەنسۆ هەریەوە سەرپەرشتی دەکرێن و ئەویش خۆی دەبێت بە سەرپەرشتیاری بەشێکی زۆر لە ڕێکخستنەکانی ناو هەولێر.لە نەوڕۆزی ساڵی 1985بڕیاری کۆتایی دەدات وپەیوندی بە پیرۆکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانەوە دەکات و چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان. لەبەر لیهاتوویی و دڵسۆزی زۆری بۆ ڕێبازی پارتی و بارزانی نەمر ، هەرزوو دەکەوێتە بەرچاوان و هەست دەکەن هەڤاڵ کاروان پێشمەرگەیەکی چاونەترس و کەسێکی ڕۆشنبیرە.بۆیە لە ساڵی 1986دەبێتن بۆ خولی هەشتەمی پەیمانگای کادیرانی سەر بە مەکتەبی سیاسی ، لەوێش زیاتر گۆش دەکرێت و پێدەگەیەنرێت ، شارەزایی زیاتر لە مێژوی کورد و کوردستان وڕیبازی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و چەندین بابەتی جۆراوجۆر پەیدا دەکات.دوای تەواو کردنی خولەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناو گۆڕەپانی خەبات وپلەی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی شەقلاوەی پێ دەسپێرن.لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تونا‌کانی هەڤاڵ کاروان دەرکەوتن کە کەسێکی زۆر ڕۆشنبیرە و لەوانەیە لە ئایندە ببێتە کەسێکی سەرکردە و بتوانێت لەناو سەرکردایەتی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.بە کۆڕ و سیمیناڕەکانی لەناو پێشمەرگەدا ، تونا‌کانی زیاتر گەشەیان کرد و شارەزایی لە زۆربەی بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازیەکان پەیدا کرد.لە ڕۆژی 16/4/ 1987دۆڵی باڵیسان کەوتە بە هێرشی دڕندانەی بەعس و زۆربەی گوندەکان،بە تایبەتی هەردوو گوندی باڵیسان و شێخ وەسان زۆر بە خەستی کیمیاباران کران ،خەڵکێکی زۆری سڤیل لە منداڵ و ئافرەت و پیرو گەنجی ئەو دوو گوندە بوونە قوربانی ،هەروەها ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەش بەر چەکەکە کەوتن ،یەکێک لەوانە هەڤاڵ کاروان بوو کە زۆر بە سەختی بریندار بوو ،بۆ چارەسەر لەگەڵ هەڤاڵانی تری ڕەوانەی ئێران کران و ماوەی زیاتر لە مانگێک لەوێ مانەوەو چارەسەری پیویستیان بۆ کرا.دوای چاک بوونەوەیان لەگەڵ هەڤاڵانی دووبارە گەڕانەوە بۆ کوردستان و جارێکی تر پەیمانیان نوی کردەوە بۆ گەلەکەیان کە تا دوا تنۆکی خوێنیان لە خەبات بەردەوام بن ،تا شەهید بوون یان گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.دوای گەڕانەوە وەکو کارگێڕی ناوچەی شەقلاوە دەست بەکار بووەوە.لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە هۆی ئاستی بەرزی ڕۆشنبیری و لە ڕێگەی کۆڕ و کۆبونەوەکانی لەگەڵ هەڤاڵانی پیشمەرگە ناوی بە هەموو سنوردەدا بڵاو بووەوە کە کەسێکی ڕۆشنبیر و هەڵکەوتە هەیە بە ناوی هەڤاڵ کاروان.هەرکەسێک تەنانەت پرسیارێکی لەلا دروست ببوایە هەڵی دەگرت تا بە دیداری هەڤاڵ کاروان دەگات و وەڵامەکەی دەست دەکەوێت.لە مانگی 11/1987 هەڤاڵ کاروان بەهەمان سیفەتی خۆی گواستراییەوە بۆ لیژنەی ناوچەی دەشتی هەولێر ،کە ئەو کاتە بارەگایەکی ناوچە لە گوندی نیرەگوین بوو لە بەستی شەرغە.لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی لە کۆمەڵێک چالاکی سەربازی و سیاسی لە ناوچەکە بەشداری بکات و جێ پەنجەکانی لەوێش بەجێ بێڵێت.بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا ، لە شەوی 17 لەسەر 18/ 5/ 1988 لە نزیک بنەسڵاوە لە کاتی ئەنجامدانی جەولەیەک لەناو ڕێکخستنەکانی ئەو سنوورە کەوتە بۆسەیەکی دوژمن و دوای شەڕێکی دەستەو یەخە شەهید دەبێت.بە شەهید بوونی هەڤاڵ کاروان زیانێکی زۆر گەورە بەر پارتیمان کەوت لە سنووری دەشتی هەولێر، هەروەها کۆستیکی زۆر گەورە بوو بۆ گشت هەڤاڵانی کە ڕۆژانیک هەموو ساردی وگەرمیەکانیان بەیەکەوە بینیبوو.هەزاران سلاو لە گیانی پاک و بەرزە فڕی شەهیدی نەمر کاک کاروان و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان، لەسەرویانەوە بارزانی نەمر و کاک نێچیرسی هەمیشە لە یاد.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر. پ.دک**